# یاسای قوتابخانەکان



**هۆمەر قەرەداغی**
**بەڕێوەبەری پەروەردە لە سوید**

**دەستور و یاسا**

پلانی فێرکاری یا سیستەمی قوتابخانەکان دەبێت بە یاسا ڕێکبخرێت، هەروەک چۆن دەستووری وڵاتێک بە یاسا ڕێکدەخرێت و کارپێدەکرێت.

لە کوردستان **سیستەمی قوتابخانەکانمان** هەیە، بەڵام تا ئێستاش **یاسای قوتابخانەکانمان** نیە. ئەوەش کەلێنێکی گەورەی خستۆتە بەردەم بە دامودەزگایی کردنی سیستەمی قوتابخانەکان و تا ڕادەیەک بۆتە هۆی ئەوەی کە سیستەمی قوتابخانەکان شاراوە بێت لای مامۆستایان.

یاسای قوتابخانەکان دەبێت ئاسان و مۆدێرن بێت، بە شێوەیەکی ڕوون دەستنیشانی لە لایەک شێوەی **ڕێبەرایەتی ئامانجەکان** و لە لایەک شێوەی **دابەشکردنی بەرپرسیارێتی** بکات.

یاسای قوتابخانە باس لە شێوەی گەیاندنی زانست دەکات و چۆنیەتی گەیاندنەکە دەستنیشان دەکات. یەکێک لە گرنگترین بەشی یاسای قوتابخانەکان باسکردنە لە پاراستنی **مافی تاکەکەس** لە ڕووی یاساییەوە. بە یاسا دادپەروەری بۆ تاکەکەس دابیندەکرێت. هەموو جۆرە سەرکوتکردنێک بە پێشێلکردنی یاسا لە قەڵەم دەدرێت و وەک تاوان سزای بۆ دادەنرێت. مافەکانی قوتابی و خوێندکار لە ژێر چەتری یاسای قوتابخانەکاندا پارێزگاری لێدەکرێت.

بە پێی یاسای قوتابخانەکان جیاوازی لە نێوان لە لایەک وانەوتنەوە و لە لایەک چوونە قوتابخانە یا بەشدار بوون لە سیستەمی فێرکاریدا دەکرێت. وانە وتنەوە و زانست وەرگرتن بەشێکی سەرەکی پرۆسەکەیە بەڵام هەموو پرۆسەکە نیە. ڕاهێنانی منداڵ بۆ ژیانی گەورەساڵی لە ڕووی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانەوە یەکێکە لە ئامانجە گرنگەکانی ناو پرۆسەکە.

**بەشەکانی یاسای قوتابخانەکان**

یاسای قوتابخانەکان بۆ هەموو بەشەکانی پرۆسەی خوێندنە، واتە بۆ **باخچەی ساوایان، قۆناغی بنەڕەتی، قۆناغی ئامادەیی و خوێندنی ئێواران.** کۆمەڵێک یاسا هەیە کە بۆ هەموو قۆناغەکانە. ئەو بەشە بەشی یەکەمی یاسای یەکەمی قوتابخانەکانە کە لە چەند بەند و پەرەگرافێک پێکدێت و پێی دەوترێت بەشی یاسا هاوبەشەکان. بەدوای ئەو بەشەدا، بەشی باخچەی ساوایان و قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی و بەشی خوێندنی ئێواران دێت. بەشەکانی خوێندنی تایبەت بۆ ئەو قوتابیانەی کە پێویستیان بە یارمەتی زیاتر و تایبەتی هەیە لە یاسای قوتابخانەکاندا تایبەتمەندی خۆیان دەدرێتێ. سۆڵیداریێتی بە پێی یاسا بەرز ڕادەگیرێت. زۆر لە ڕێنماییەکان لە ناو یاسای قوتابخانەکاندا جێیان دەکرێتەوە و بەوەش قورساییەکی تایبەت دەدرێت بە ڕێنماییەکان و دیاردەیەک نامێنێت پێیبوترێت **(بەدەر لە ڕێنماییەکان)** چونکە شتێک نیە ناوی (بەدەر لەیاسا) بێت.

لە کوردستان دیاردەی (بەدەر لە ڕێنماییەکان) دیاردەیەکە هەندێک کەس دەخاتە سەرو یاساوە و ئەوەش لە کێشی بەهابنەماییەکانی یەکسانی نێوان مرۆڤەکان کەمدەکاتەوە و دەبێتە ڕێگر لەبەردەم ڕەوڕەوەی بەرەوپێشەوە چوونی پرۆسە دیموکراتیەکە و بەدامودەزگایکردنی کارگێڕی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا.

**یاسای قوتابخانەکان لە سوید**

بۆ باشتر تێگەیشتن لە یاسای قوتابخانەکان وڵاتی سوید وەک نموونە دەهێنمەوە:
یاسای قوتابخانەکان، بە پێی پێشنیارێکی تازە، لە وڵاتی سوید لە 28 بەند پێکهاتووە:
بەندی 1- 6 بریتیە لە **یاسا هاوبەشەکان** بۆ هەموو قۆناغەکان.
بەندی 7 – 20 بریتیە لە **یاسای قۆناغەکان.** هەر قۆناغە و چەند بەندێکی تایبەتی خۆی هەیە.
بەندی 20 – 28 بریتیە و لە **یاسا گشتی تایبەتیەکان.**

بەشی یاسا هاوبەشەکان گرنگیەکی زۆر دەدات بە گەیشتنی قوتابی بە ئامانجەکانی خوێندن. بەشەکانی چۆنیەتی خوێندن، بەشداری و دەسەڵاتی قوتابی ناوەندی بەندەکانە. لەم بەشەدا گرنگی دەدرێت بە دڵنیایی قوتابی لە قوتابخانەدا و ئارامی لە خوێندندا. ئەتمۆسفێری ناو قوتابخانە بە یاسا ڕێکدەخرێت و هەست بە دڵنیایی قوتابی دەبێتە یەکێک لە گرنگترین ئەرک و بەرپرسیارێتی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان بە پێی یاسا.

خوێندنی ئیلزامی و مافی خوێندن لە بەشە هاوبەشەکانی یاسای قوتابخانەیە و نەهاتنە قوتابخانە یا وازهێنان لە قوتابخانە بە سەرپێچی لە یاسا لەقەڵەم دەدەرێت و قابیلی قبوڵکردن نیە لە لایەن دامودەزگاکانی قوتابخانەو کۆمەڵگاوە.

**یاسای قوتابخانەکان و وانەی ئایین**

یەکێک لە بەشە سەرەکیەکانی بەندە هاوبەشەکانی یاسای قوتابخانە سەربەخۆیی پرۆسەی فێرکاریە لە ئایین، واتە بە پێی یاسا نابێت وانەی ئایین کاریگەری ئەوە لەسەر منداڵ دابنێت کە بەرەو ئایینێکی تایبەت ڕایبکێشێت. واتە دەبێت خوێندن ئازاد بێت لە ئایین. ئەمەش بەو مانایە نایەت کە خوێندنی ئایینە جیاوازەکان قەدەغەیە یا دژی یاسای قوتابخانەیە. وانەی ئایین بە پێی یاسای قوتابخانەکان پێی دەوترێت وانەی زانستی ئایینەکان.

منداڵ و قوتابی زانیارییەکی زۆر لە سەر ئایینە جیاوازەکان وەردەگرن بەبێ ئەوەی هەوڵبدرێت ئایینێک زاڵبکرێت بەسەر ئایینێکی تردا یا کاریگەری ئایینێکی تایبەتی لەسەر منداڵ بە جێبهێڵدرێت.

ناوەندی یاسای قوتابخانەکان بریتیە لە پاراستنی بەرژەوەندی منداڵ و قوتابی. باشی و دڵنیایی منداڵ لەپێش وەرگرتنی زانستەوە دێت.

بەناوەندی کردنی دەسەڵات و ناردنە خوارەوەی بڕیار بۆ بەڕێوەبردنی قوتابخانەکان بەپێی یاسای قوتابخانەکان، دەسەڵاتی بەڕێوەبەری قوتابخانە زیاددەکات و بەوەش توانای دەستپێشخەری بەهێزدەبێت و قوتابخانەکانیش لە پرۆسەیەکی گەشەکردنی گەشەکردنی بەردەوامدا دەبن.

بە پێی یاسای قوتابخانەکان **تەندروستی قوتابی** دەبێت گرنگیەکی زۆری پێبدرێت. دابینکردنی **ڕێپیشاندەری کاروخوێندن** و **کتێبخانەی قوتابخانە** لە یاسای قوتابخانەکاندا دەچەسپێت و ئەو مافانە بۆ منداڵ و قوتابی دیاریدەکرێن.

یاسای قوتابخانەکانی سوید لەم ساڵدا کەوتۆتە بەر شاڵاوی ڕیفۆرم و نوێخوازی. یەکێک لە ڕیفۆرمە گرنگەکان بریتیە لە **(گەرەنتی گەشەکردن)**، واتە قوتابی گەرەنتی ئەوەی دەدرێتێ کە لە پرۆسەی فێرکاریەکەیدا گەشەدەکات و بەرەوپێشەوە دەچێت. ئەگەر قوتابیەک نەگاتە ئامانجەکانی خۆی، واتە لەچەند وانەیەکدا دەرنەچێت، ئەوە قوتابخانە، بەتایبەتی بەڕێوەبەری قوتابخانە، بەرپرسیارە لەوەی کە یارمەتی زیاتری قوتابیەکە بدرێت و گەرەنتی ئەوە بدات کە ئەو منداڵەش گەشەبکات. ڕیفۆرمی( گەرەنتی گەشەکردن) هێشتا هەر پێشنیارە و نەچۆتە ناو یاسای قوتابخانەکانەوە.

**پسپۆڕانی بیانی**

بەپێی زۆر لە پسپۆڕانی بیانی کە سەردانی کوردستان دەکەن، دەبینن کوردستان لە ناو پرۆسەی گەشەسەندنێکی بەردەوامدایە. بۆ بەردەوامی ئەو پرۆسەیە و بەرەو پێشەوە چوون، دەبێت سیستەمی پەروەردە ببێتە ناوەندی نوێخوازی . بۆ ئەو کارەش دەبێت یاسایەکی تۆکمە و گشتگیر هەبێت کە کاروباری قوتابخانەکان و پرۆسەی فێرکاری ڕێکبخات. تا ئێستا لە کوردستاندا ئەو کارە نەکراوە، بەڵام هیوام زۆرە کە دانانی یاسای قوتابخانەکان بخرێتە ناو بەرنامەی کاری کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەتا لە سایەیدا منداڵەکانی کوردستان بتوانن بە مافپارێزراوی و ئارامی بە ئامانجەکانی خۆیان بگەن و کوردستانیش ببیتە وڵاتێکی مۆدێرن و ئاوەدان.